ساڵیادی کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەس شاعیری ناوداری کورد

ئەمڕۆ هەینی، (4 ئابی 2023) ساڵیادی کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەس.

شێرکۆ بێکەس، شاعیری ناوداری کورد، لە ڕۆژی 2ی پێنجی ساڵی 1940 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە.

شێرکۆ بێکەس کۆی "فایق بێکەس"ی شاعیری ناسراو و شێشگە و نیشتمانپەروەری کورد، شێرکۆ بێکەس خاوەن چەندین خەڵاتی ناوخۆو جیهانیە لەوانە "توخولسکی ئەدەبی کە لە ساڵی 1987 لە وڵاتی سوید وەریگرتووە، هەروەها خەڵاتی پیرەمەرد لە ساڵی 2001 و خەڵاتی قەقنەسی زێڕینی لە ساڵی 2005 لە عێراق".

شێرکۆ بێکەس، هەنراوە و شیعر و خەباتی بە میرات لە باوکییەوە وەرگرتووە و لە دایکییەوە خۆشویستی زمانی کوردی وەرگرتووە، بەیە خەبات و ئەزموونی شیعری زوو بەدیار کەوت.

لە ساڵی 1988ەوە، هەنراوەیەکی هەبژێردرا لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانی، کە وەک بابەتێک لە کتێبی "زانستی بوون" لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا بە قەناغی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندی فێر دەکرێت.

لە ساڵی 1991، دوای هاپێینی کوردستان، شاعیر گەڕایەوە شاری سلێمانی و لەدوای چەند مانگێک وەک شاعیرێکی سەربەخۆ بە هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستان خۆی کاندید کرد و بوو بە ئەندامی یەکەم خولی

پەرلەمانی کوردستان، لە ڕۆژگەی پەرلەمانەوە بوو بە یەکەم وەزیری ڕۆشنبیری لە هەرێم و بە ماوەی ساڵێک و چەند مانگێک لەو پۆستەدا مایەوە و دواتر بەهۆی "پشێلکردنی دیموکراسیە"وە دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە و دووبارە گەڕایەوە سوید.

بەکەس ناسراوبوو بە شاعیری سروشت و شاعیری مرۆڤ و لە 4ی ئابی 2013 لە تەمەنی 73 ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەکی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید کۆچی دوایی کرد بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە و لەسەر وەسیەتی خۆی لە پارکی ئازادی لە سلێمانی بە خاک سپێردرا.

شاعیر لە وەسیەتنامەکەی وتی: "من نامەوێت لە هیچ کام لە گرد و گردۆڵەکاندا بنێژرم کە دیارن و ناویان ئەبرێ، یەکەم لەبەر ئەوەی پەیوەندیەوە و دووەم لەبەر ئەوەی من حەز بە قەرەباغی زەر ناکەم، من ئەمەوێ ئەگەر سەرکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەکەم ڕێگەم پێبدا و ئەوەم پێ ڕەوا ببینن کە لە پارکی ئازادیدا و بە تەنیشت مەنەمەنتەکەی شەهیدانی 1963ی سلێمانییەوە بمنێژن".